# رامانێن هیگڵی
# هەندێ وانە لەمەڕ فینۆمینۆلۆژیای رۆح
## (دیاردەناسی زەین)
## ٢-٣

**((تۆ لە زەمەنی خۆت باشتر نابی، بەڵام بەباشترین شێوە دەبیتە ناسێنەری زەمەنەکەت))**

هێگڵ، دەستنووسەکانی پەناش

ن: رامین جیهانبگلو
و: ئیدریس شێخ شەرەفی

**وانەی چوارەم**

١- حەقیقەت شتێکی بێ جووڵەو وەستاو نییە، حەقیقەت، مێژووییە هەربۆیە خودان دینامیکیەتە..

٢- حەقیقەت، هەموو پرۆسەی دەرکەوتنی مێژوویی ئاگایی زەین لەخۆ دەگرێت. لە هەر کام لە هەوارگە و نۆنیگە دیاردەناسییەکاندا، پرۆسەی حەقیقەت جێگەیەکی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی تەواو وەڕاست نەگەڕاوە. حەقیقەت لە سیستەمی زانستدا وەڕاست دەگەڕێت.

٣- مەبەستی هێگڵ لە زانست، زانستی ئەزموونی نییە. (زانست بۆ هێگڵ لە پلەی لە زانستی فەلسەفی) دایە. زانستی فەلسەفەی، مەنزومەیەکی سیستەماتیکە. ئامانجی سیستەمی زانست، پێشان دانی پەیوەندی لۆژیکی و دیاردەناسانەی نێوان قۆناغە جۆراوجۆرەکانی زەینی مرۆییە.

دەبێ فەلسەفە زانستی بێت، واتە پێویست (ضروري) و تەواو (کامل) بێ. دەتوانین ئەم پێویستی و تەواوییە لە شکڵی خوولۆکی سیستەمی فەلسەفی هێگڵدا ببینین.

٤- فینۆمینۆلۆژیا (دیاردەناسی)، ژیاننامەی مرۆڤە لە قۆناغە جیاوازەکانی فێربوونی لە دەورانی دڕندەییەوە تا شارستانیەتی مۆدێرن.

٥- دیاردەناسی هێگڵ، مرۆڤناسییەکی فەلسەفییە. دوا ئامانجی سیستەمی زانست، تێگەیشتنە لە مرۆڤ، هێگڵ هەوڵدەدات هەموو قۆناغە مێژوویی و هەوارگە دیاردەناسییەکانمان پێ

نیشان بدات کە مرۆڤ تێیدا شکلی مرۆیی بەخۆی دەبەخشێ.

٦- هەر بۆیە میتۆدی فەلسەفی هێگل تێڕامانێکی ناچالاك نییە لەمەڕ واقعییەتی مێژوویی مرۆڤ. هێگل بەهۆشیارییەوە لۆژیکی دیالیکتیکی هەڵدەبژێرێ، چونکە لە روانگەی ئەوەوە واقعیەت خودان جەوهەرێکی دیالیکتیکیە.

٧- مێژوو دەرەنجامی چالاکی (منفیت) نەرێیەتییە. نەرێیەتی بەیانگەری مەرگی قۆناغێکی ئەزموونی مرۆییە. بەڵام ئەم مەرگە، ژیانی قۆناغێکی نوێ لە تەك خۆیدا دێنێ. تاك دەمرێ بەڵام جۆری مرۆڤ درێژە بەمانەوەی خۆی دەدات. زەین یان رۆح قۆناغێك لە ئاگایی مێژوویی خۆی تێپەڕ دەکات وەلێ هیچ کاتێ ناوەستێ و بەردەوام بەرەو پێشەوە دەڕوات.

٨- هێگل فەیلەسووفێکە بڕوای بەپێشکەوتن هەیە. لە روانگەی ئەوەوە مەرجی پێویستی پێشکەوتن لە مێژوودا نەرێیەتییە (منفیت).

٩- ئەوەی بێ نێوبەند دێتە سەر دونیا هێشتا وەڕاست نەگەڕاوە. دەنکی بەڕو هێشتا داری بەهێزی بەڕونییە. بێ نێوبەندی بەیانگەری نەرەسیویی و پێنەگەیشتوویییە. دەنکی بەڕو هەموو بوونیادە گشتییەکانی بەرووی بەشێوەیەکی ماتە هێزو ناڕاستەوخۆ تێدایە، بۆ ئەوەی بگۆڕێت بۆ دۆخی پێگەیشتوویی، دەبێ لە حاڵەتی ماتە هێزییەوە بچێتە دۆخی بەکردەوە و ئاشکرا و روون.

١٠- بەجۆرێکی تر، دەنکی بەڕو هۆی کۆتایی (غائی) داری بەڕووی لە خۆیدا هەڵگرتووە بەزمانی هێگل داربەڕو بەشێوەیەکی وەڕاست نەگەڕاو لە دەنکی بەڕو دایە. هەر بەم جۆرە دەتوانین بڵێین چەمکی (پیاو) بەشێوازێکی وەڕاست نەگەڕاو لە (کوڕ)دا هەیە.

١١- دیاردەناسی هاوکات گێڕەرەوەی یەك Ontogeny(مێژووی تاکی هەندەکی) و یەك phylogeny(مێژووی تاکی هەمەکی = رۆحی جیهان)ە. رەوتی دەرکەوتنی تاکی هەندەکی (جزئی) دووبارەبوونەوەی رەوتی دەرکەوتنی تاکی جیهانییە.

١٢- بە وتەی هێگل (تاکی هەندەکی ((جزئی))، رۆحێکی ناتەواو). لای هێگل، دەبێ تاکی هەندەکی لە قۆناغەکانی هەڵپێکانی رۆحی هەمەکی (کلی) تێبپەڕێت.

١٣- بە وتەی هێگل رەها، مرۆڤایەتی خود ئاگاو خۆ وەڕاستگەڕە وەك هەمەکێك.

١٤- رەها، مرۆڤایەتی بەخوا بووە. ئەو مرۆڤایەتییەی دەبێتە خوا واتە مرۆڤایەتیەك کە دەگاتە بەرزترین پلەی ئاگایی.

١٥- مەبەستی هێگل لە خوا، یەزدانیەتی زەینە.

١٦- ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە پلەی جۆراوجۆر هەیە بۆ مەعریفە (ناسین) کەواتە بەرزترین پلەی مەعریفە، یەزدانیەت (الوهیت)ە.

١٧- جیهان زاتی خوایە. بەجۆرێکی تر، مێژوویی مەعنەوییەتی مرۆیی، مێژوویی بەسوژەبوونی ئەم خودە یەزدانیەیە.

١٨- لە روانگەی هێگڵەوە سوژە، زاتێکی (خودێکی) خۆ وەڕاستگەرە. خود کاتێ دەبێتە سوژە کە خۆی چالاك بکات، واتە ماتە هێزەکەی بگۆڕی بۆ هێزی بەکردەوە.

١٩- خودی مرۆیی کاتێ دەگۆڕێ بۆ سوژە کە بکەر توانستی عەقلانی بیرکردنەوە بەدەست بێنێ و ئاگاداری ئەم توانستە بێت.

٢٠- لەسەرەتادا. مەعریفە بیچمێکی بێ نێوبەندی هەیەو بەشێوەیەکی رووکەشانە دەرك دەکرێت.

٢١- خود، بێ نێوبەندە (بلا واسطة). بۆ هەبوونی مەعریفەیەکی راستەقینە لە خۆی. پێویستە خود بگۆڕێت بۆ سوژە، واتە بۆ خودئاگایەك خاوەن مانا بێت.

٢٢- خود کاتێ زیندووە کە خۆی بخاتە رەوتی ژیان، واتە وەڕاستگەڕان بەشێوەی سوژە.

٢٣- کرمێکی ئاوریشم بەماتە هێزی پەپوولەیەکە. پەپوولە بەشێوەی خود لە کرمی ئاوریشم دایە، بەڵام پەپوولە بەشێوەی خود لە کرمی ئاوریشم دا نییە، چونکە حەقیقەتەکەی وەك سوژە لە پەپوولە بوون دایە.

٢٤- حەقیقەتی کرمی ئاوریشم لە پەپوولەدایە، هەروەك چۆن حەقیقەتی کوڕە منداڵێك لە پیاوێکی پێگەیشتوو دایە.

٢٥- ئەو منداڵەی دەبێت بەپیاو، نەرێ لە منداڵێتی خۆی دەکات و خۆی بەشێوەی خۆیەکی تر دەخاتەروو.

٢٦- لای هێگڵ، ئەم راستیە، کە خۆ و خۆیەکی تر لەیەك جەوهەردان، دەربڕی ئاڵۆزی ئەم جەوهەریە.

٢٧- پرسی هێگڵ ئاشت کردنەوەی (خۆ) و (خۆیەکی تر)ە.

٢٨- هێگڵ دەڵێت: (حەقیقەت هەمەکە) مەبەستی لەم راستەیە ئەوەیە کە کۆچی دیاردەناسی هاوکاتە لەگەڵ رەوتی کۆچ (واتە ئەو رێگایەی دەبڕدرێت) و دەرەنجامی ئەم رەوت و کۆچە. (واتەئەو مەبەستەی پێی دەگەیێنن).

٢٩- هەمەکی دار بەڕو لە دەنکەبەڕو دایە، بەڵام هێشتا وەڕاست نەگەڕاوە.

٣٠- رەها بۆ هێگڵ، مەعریفەی رەهایە واتە خودئاگایی تەواویی مرۆڤ لە رەوتی دەرکەوتن و ئاشکرابوونی خۆی.

٣١- رەها دەرەنجامەو هەمیشە لە کۆتاییدا بەدەست دێت. هەربۆیە رەها خۆی وەڕاستگەڕاوی مرۆڤایەتییە.

٣٢- ماهییەتی رەها، سوژەبوون و واقیعی بوونە.

٣٣- رەها بەشێوەیەکی خودئاگایانە رەهایەتی خۆی بەدەست دێنێ.

## وانەی پێنجەم

١- لە روانگەی هێگڵەوە، مرۆڤ بوونەوەرێکە کە خودان عەقڵە، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ بەشێوەیەکی بێ نێوبەندو لەپڕرا عەقڵانی ببێت.

٢- مرۆڤ کاتێ بەچەشنێکی راستەقینە عەقڵانی دەبێت کە حەقیقەتی رەهای بەدەست هێنابێت.

٣- حەقیقەت بابەتی دەرکەوتنی ئاگاییە. ئەم دەرکەوتنە تەنیا بەشێوەیەکی سیستەماتیك ممکین دەبێت.

٤- سیستەمی زانستی هێگڵ کە حەقیقەت بەشێوەی هەمەك دەردەبرێت، سیستەمی سیستەمەکان، چونکە لەخۆگری دیاردەناسی زەین، زانستی، ئەسنکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکان و پرەنسیپی فەلسەفەی مافە.

٥- سیستەمی زانستی هێگڵ سێ قۆناغی هەیە:

١- قۆناغی هەڵپێکان (دروست بوون): گوتاری فەلسەفەی هێگڵ خۆی لە گوتارەکانی تر (چ رۆژانەو چ فەلسەفی) جیا دەکاتەوە.

٢- قۆناغی مەعریفە: وەراستگەڕانی سیستەمی زانست کە دەرکەوتەی هزری رەوتێکی پەروەردەیی(Bildung) ە.

٣- قۆناغی مەروشعیەت خوازی: سیستەمی زانستی، مێژووی فەلسەفەو فەلسەفەی مێژوو لە خۆ دەگرێ.

٤- لە روانگەی هێگڵەوە، سیستەمی زانست، زانیستێکی زانینەکانە، واتە زانینی مرۆڤێکە کە گەیشتۆتە قۆناغی مەعریفە لەمەڕ خۆ.

٥- دیاردەناسی زەین، وەسفی ئەو رێگا جۆراوجۆرانەیە کە ئاگایی بۆ ناسینەوەی خۆی وەك زەین یان رۆح هەڵیدەبژێرێ.

٦- لە سەرەتادا. ئاگایی لە بێ نێوبەندی و سادەییەتی رەهادایە. دەبێ لە بێ مەعریفەییەوە بە مەعریفە بگات.

٧- زەین یان رۆح (Geist) لە یەکەمین قۆناغی ئاگایی لە رەوتی دروستبوونی مەعریفەوە ئامادەیی هەیە. بەڵام دەبێ ئاگایی ئامادەبوونەکەی وەبەرچاو نەگرێت و درێژە بەرێگا دژوارو سەختەکەی خۆی بدات بۆ گەیشتن بەمەعریفەی رەها.

٨- ئەو ئامادەییە هەمیشەییەی زەین یان رۆحەکە جووڵەی دیالیکتیکی - لۆژیکی دیاردەناسی ممکین دەکات.

٩- زەین یان رۆح بەشێوەی هونەر، ئاین و فەلسەفە دەردەکەوێت.

١٠- فینۆمینۆلۆژیای رۆح (دیاردەناسی زەین)ی هێگڵ مێژوویی میتافیزیکی رۆژئاواییە و هەموو شکڵەکانی هزری رۆژئاوا لە خۆیدا جێ دەکاتەوە. هێگڵ گوتاری فەیلەسووفە جۆراوجۆرەکان وەك توخمی پێکهێنەری گوتاری هەمەکی و جیهانی وەبەرچاو دەگرێت.

١١- مێژووی میتافیزیکی بوویەنی (devenir,becoming) زەروورەتە.

١٢- زانستی لۆژیکی هێگڵ ئەم بوویەنە بەشێوەی تێپەڕینی بوون بەنەبوون و نەبوون بەبوون بەیان دەکات.

١٣- ئەو سوژەیەی کە لە دیاردەناسی هێگڵ دا دەردەکەوێت، تەنیا سوژەیەکی دیاردەناسانە نییە، بەڵکو سوژەیەکی لۆژیکیشە، چونکە ئەو بکەرێکە کە بوون دێنێتە سەر زمان یان باشترە بڵێین بوون لە رێگای ئەم سوژەیەوە خۆی سەر لەنوێ دەڵێتەوە.

١٤- ئەم سوژە لۆژیکیە، بوونی لە هەمەکیەتی سیستەماتیکی دیاریکراو (determinations)یەکانی بەیان دەکات.

١٥- زانستی لۆژیکی هێگڵ لە بارەی بوونیادی دیالیکتیکی هەمەکیەتەوە (universality)یە.

١٦- یەکەمین هەوڵدان بۆ بیرکردنەوە لە هەمەکیەت، بیرە لەمەڕ بوون.

١٧- بەپێچەوانەی فینۆمینۆلۆژیای رۆح، خاڵی دەسپێك و جووڵەی کاری لۆژیکی جیهان بوونە.

١٨- هێگڵ لە هەمەکیەتەوە دەست پێ دەکات و هەمەکیەت خۆی دەسپێکێکی رەهایە کە دیاری نەکراوە.

١٩- هەمەکیەتی یەکەمیین ((بوون))ە کە شکلێکی دیاری نە کراوی هەیە.

٢٠- بوون رەهایەیان هەقیقەتە.

٢١- بەڵام بوون لەبێ نێوبەندی خۆیدا حەتمەن (شت)ێکە. هێگڵ بوونی بێ نێوبەند بە (چۆنایەتی) ناوزەد دەکات، چونکە بوون دەبێتە خودان چۆنایەتیەك.

٢٢- وتنی (ئەمە هەیە)و (ئەمە وەهایە) چۆنایەتی بەخشینە بەبوون.

٢٣- ئەم بوونە خاوەن چۆنایەتیە هەبوونێکی هەیە، واتە بوونێکی ئامادەیە. لە زمان هایدیگەر دەتوانین بڵێین دازاینێکە(Dasein) .

٢٤- بەڵام پەسندکردنی ئەمە کە بوون تەنیا (چۆنایەتی)یەکە، کەوتنە نێو بێ نێوبەندی بوونە. کەواتە دەبێ لەرێگای ناوبژیوانی و نێوبەندییەوە (mediation) نەرێ بکرێت و بچینە قۆناغی دواتر.

٢٥- بوون بەهاتنە دەر لە خۆی دەگۆڕێ بۆ (چەندایەتی).

٢٦- چەندایەتی حەقیقەتی چۆنایەتییە.

٢٧- سێنێتزی چۆنایەتی و چەندایەتی پێوانە (مقیاس)یە. حەقیقەتی بوون پێوانەیە.

٢٨- بوون لە رێگای (پێوانەوە) جارێکی دیکە ناوەکی دەکرێت. بوونی بەناوەکی کراو (جەوهەر —essence )ە.

٢٩- جەوهەر لەراستیدا، بوونی رابردوویە (geween).

٣٠- لە روانگەی هێگڵەوە (جەوهەر) بەرهەمی بیرکردنەوەیە.

٣١- بیرکردنەوە کە بزوێنەری سەرەکی رەوتی (جەوهەر)ە، جەوهەر وەك (بنەما —grund ) بەیان دەكات.
٣٢- دوا ئامانجی جەوهەربوونی بنەمایی بوونە، واتە لەراستیدا خستنەرووی بوون وەك ئەوەی هەیە.
٣٣- بەڵام لەبەرئەوەی جەوهەر خۆی داماڵراوو ئەبستراکتە، هەر بۆیە بوونیش بە داماڵراوەو ئەبستراکتی دەمێنێتەوە.
٣٤- بۆ ئەوەی جەوهەر لە دۆخی داماڵراوی و ئەبستراکتی بێتە دەرەوە، دەبێ خۆی دەربخات.
٣٥- جەوهەر وەك (دیاردە) خۆی دەردەخات.
٣٦- روانینی هێگڵ سەبارەت بە (دیاردە) جیاوازە لە بینینی کانت. لە روانگەی هێگڵەوە. دیاردە، یەکێکە لە وتەزاکانی بوون کە لە حاڵی گەڕان دایە.
٣٧- ئەو جەوهەرەی کە خۆی بەشێوەی (دیاردە) دەردەخات، جەوهەرێکی بێ نێوبەندە. ئەم جەوهەرە لە قۆناغی دەرەوە بوونی رەها دایە.
٣٨- جەوهەری بەدیاردە بوو هێشتا هەمەکیەتی خۆی بەدەست نەهێناوە. دەبێ جەوهەر بۆ بەدەست هێنانی هەمەکیەتی خۆی بگۆڕێ بۆ (خود).
٣٩- جەوهەر لەم قۆناغە لۆژیکیە بەدواوە خۆی وەك (خود) دەناسێ.
٤٠- هێگڵ لەبەر سقی پرسیاری ئەرستۆیی (چی هەیە؟) دەڵێ ئەوەی هەیە واقعیەتی بەکردەوەیی بووە.(Wirklichkeir)
٤١- واقعیەتی بەکردەوەیی بوو واتە بێ نێوبەندی بیر لێکراو.
٤٢- کەواتە لەراستیدا خود کە هەمەکیەتی جەوهەرە، واقعیەتێکی بەکردەوەیی کراوە.
٤٣- خود (جەوهەری واقیعی)یە واتە لەو شوێنە کە جەوهەر لەگەڵ بوون و لە واقعیەتێکی بەکردەوەیی بوودا دەبێت بەیەك.
٤٤- ئەو جووڵەیەی کە دەمانگەیەنێتە (خود). جووڵەی ئازادی (چەمك —Concept ).
٤٥- چەمك، شکڵی لۆژیکی هەمەکیەتە. هەمەکیەت واقعیەتێکەو (چەمك) دەربڕی ئەم واقعیەتەیە.
٤٦- چەمك، هەقیقەت وجەوهەری راستەقینەی شتەکانە.

**وانەی شەشەم**

١- هێگڵ سەردەمی خۆی وەك دەورانی لەدایك بوون وتێپەڕین بەرەو جیهانێکی نوێ دەبینی کە پێویستی بە فەلسەفەی نوێ هەبوو.
٢- لەروانگەی هێگڵەوە،ئەو فەلسەفەیەی شیاوی ئەم سەردەمەبێت وتوانای تێگەیشتنی هەبێت،دەبێ دژایەتی نێوان مرۆڤ (وەك سوژەی ناسکار)و سروشت ودژایەتی نێوان عەقڵ وئازادی تێپەڕبکات.

٣- هەروەها هێگڵ دژی چەمکی ((شت لە خۆیدا))ی کانتە، چونکە پێیوایە عەقڵ ناتوانێ هاوکات شتێك گریمان بکات ودوور لە دەست پێڕاگەشیتنی خۆشی دابینێت.

٤- تێوری هێگڵ بۆسوژە، دژی هەموو جۆرە دووانێتی ودوالیزمی دیکارتیە ولەسەربنەمای رەوتی هەڵپێکانی سوژە دامەزراوە.

٥- لەروانگەی هێگڵەوە، دوا ئامانجی (غایت) عەقڵانیەت، جیایی مرۆڤ لە ژیان و واقعیەت نییە، بەڵکو یەککردنێتی لەگەڵ ئەم واقعیەتە لە رێگای هۆشیارکردنی لە رەوتە دیالیکتیکیەکەی.

٦- لە فەلسەفەی هێگڵ دا هۆش (Verstand) روانینێکی دابەشکار (فرەگەرا)ی لە هەمبەر جیهانەوە هەیە، ئەوە لەکاتێك دایە کە عەقڵ (Vernunft) لە گەڕان دایە بەدوای یەکیەتی و وەکیەکی.

٧- ئەم یەکیەتی وەکیەکیە کە لەرێگای رەوتی دیالیکتیکی عەقڵەوە بەدەست دێت هیچ کاتی بێ نێوبەند نییە، بەڵکو هەمیشە نێوبژیوانی کراو نێوبەندگرە.

٨- عەقڵ بۆمان دەردەخات کە لە هەناوی هەموو وەکیەکیەکدا دژایەتیەك بوونی هەیە کە ئێمە بەیەکیەتی و وەکیەکیەی وێوەتر دەگەیەنێت.

٩- هێگڵ پێمان پشان دەدات کە لە جیهاندا، شتگەل لە خودی خۆیاندا بوونیان نییە، چونکە دەکەونە دژایەتی لەتەك یەکترو بەشێکن لە واقعیەتی زەین یان رۆح.

١٠- رۆح یان زەین بەردەوام واقعیەتی جیهان وەڕاست دەگەڕێنێ و بەشێوەیەکی بەردەوام رێیی دەکات.

١١- مرۆڤ وەك مرۆڤێکی عەقڵانی، ئامرازێکە کە رۆح یان زەین لە رێگەیەوە جیهان دروست دەکات.

١٢- لە روانگەی هێگڵەوە، رەها (کە بنەمای هەموو شتێکە) سوژەیە. رەها لە رەوت و جووڵەیەکدا دەگۆڕێ بۆ سوژە. لەم رەوتەدا، سوژەی رەها مەرجە بوونیەکانی خۆی وەڕاست دەگەڕێنێ.

١٣- خود کاتێ سوژەیە کە لە جوڵەی خود بنەمای خۆیدا قەرار بکرێ. (Bewegung dessichselbsestzen).

١٤- ئەم جووڵە خود بنەمایە، بەردەوام جووڵەو رەوتێکی نێوەندگرو ناوبژیوانی کراو (Vermittelt)ە. بەم چەشنە هەمیشە شتێك لە پەیوەندی لەگەڵ شتێکی دیکەدا مانای راستەقینەی خۆی بەدەست دێنی..

١٥- ئەو شتەی بێ نێوبەندە (Unmittelbar) هەمیشە لە خودی خۆیداو بێ پەیوەندییە لەتەك شتەکانی تر.

١٦- لای هێگڵ، هەموو شتێك نێوبەند خوازە (mediated)چونکە ناتوانێ لە خودی خۆیدا بوونی

هەبێت. ئەم نەبوونی توانستی لە خودی خۆدا بوونی شتێکە کە دژایەتیە ناوەکیەکەی دەردەخات.

١٧- دژایەتی بۆ واقعیەت پێویستە. دژایەتی مەرگی واقعیەتە ناتەواوەکانە. بەلاّم هەمەك هیچ کاتێ نامرێ.

١٨- رەها، هەمەکێکە کە لە رەوتی سەلماندن و نەریتی واقعیەتە جیاجیاکانی تێپەڕ دەکات. رەها جوولە، گۆڕان و جەوهەری ژیانە.

١٩- رەها، لەرەوتی ژیانی خۆیدا، وەکیەکی و دژایەتی پێکەوە دەگونجێ.

٢٠- واقعیەت هەمەکی زەروورەتی عەقلاّنیە کە هەموو سیماکانی بوون لە شێوەکانی زەینیەتی خۆناسکار و خود ئاگا پێکەوە گرێ دەدات.

**وانەی حەوتەم**

١- فینۆمینۆلۆژیای رۆح (دیاردەناسی زەین) تویژینەوەیەك لەمەڕ ئەو دیاردانەی کە لەمیانی مێژووی ئاگایی مرۆڤ دەرکەوتووە. هێگل گۆڕان و پەرەسەندنی ئاگایی مرۆڤ لە رێگای دەرکەوتەو سیما جۆراوجۆرەکانیەوە دەناسێنێ و لێکۆلێنەوەی لەسەر دەکات.

٢- ئەو مێژووەی ئێمە لە کتێبی دیاردەناسی زەینی هێگلدا لەبەردەستمان دایە، مێژووی پێشهات نووس نییە، بەڵکو مێژوویەکی لۆژیکی - دیاردەناسییە کە تاوتوێی دیاردەی زەینی مرۆیی دەکات. هێگل لە دروستبوونی مرۆڤی هۆشمەندەوە (homo sapiens) تا سەردەمی هەلپێکانی فەلسەفەی خۆی بەدوای هاتنە بوون و گۆڕانی ئەم زەینەدا دەچێت.

٣- لە روانگەی هێگلەوە یەکەمین شێوازی ئاگایی مرۆیی. ئاگایی هەستیی (منداڵانە)یە. لە روانگەی ئەم ئاگاییە منداڵانەیە، واقعیەت لەو شتە داکورت دەکرێتەوە کە هەستی پێ دەکات. واقعیەت (ئەم) یان (ئەو)ە. ئاگایی منداڵانە توانستی پۆلێن کردنی بابەتەکان و جیاکردنەوەیانی نییە. ئاگایی هەستی لە بێ نێوبەندی هەستدا نغرۆ بووە.

٤- ئەزموون، ئاگایی منداڵانە ناچار دەکات کە بەرەو ئاگایی ئیدراکی بگۆڕێت. ئاگایی ئیدراکی دەتوانێت پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان بابەت و شتەکان دروست بکات لەم رووەوە، ئاگایی ئیدراکی توانستی تێگەیشتنی هەیە لە پەیوەندی هۆ (علت) و هۆبەند (معلول) ئاگایی منداڵانە لە خۆی دەپرسن: (چۆن زەین دەتوانێ شت و بابەتەکان پۆلێن و دەستە بەندی بکات؟ ئاگایی ئیدراکی دەزانێت کە بابەت، لەلایەن هەستەوە بەرتەسك و سنووردار نەکراوە و بابەت بوارێکی هەمەکییە.

٥- رەوتی ئاگابوونی ئاگایی ئیدراکی دەبێتە هۆی گۆڕانی بەرەو ئاگایی تێگەیشتنی. بۆ ئاگایی ئیدراکی هەمەکیەت بێ سنوور نییە، بەڵکو لە

واری ئیدراکدا بەرتەسك کراوەتەوە. بۆ تێگەیشتن و هۆش هەمەکیەت بارێکی بێ سنوورەو هەر بۆیە بابەتی حەقیقەتی ئاگایی دەکەوێتە ئەودیوی هەست و ئیدراکەوە.

٦- لە روانگەی هێگڵەوە، جیهان هەستی و جیهان عەقڵی هەردووکیان بەشگەلی واقعیەتێکن. لەم روویەوە هەموو جۆرە بابەتێکی ئاگایی دەبێ لە پرۆسەی دیالیکتیکی خودی دەرکەوتنی ئاگایی تێبپەرێت.

٧- لە دیاردەناسی هێگڵدا ئامانجی ئاگایی بەدەست هێنانی حەقیقەتی ئاگایی (خود)ە. کەواتە دیاردەناسی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە کە: (مەعریفە چۆن دەتوانێ ببێتە مەعریفەیەکی واقیعی و راستەقینە؟ ئاگایی بۆ بەرسڤ دانەوەی ئەم پرسیارە، خەریکی ئەزموونی لۆژیکی دیاردەناسانەی خۆی دەبێت لە مێژووی مرۆڤدا.

٨- لە روانگەی هێگڵەوە واقیعی و راستەقینە (زانست). (زانستwissenchaft ) بەمانای تەواویی و بەکەمال گەیشتنی مەعریفەیە. ئەگەر ئامانجی دیاردەناسی، مەعریفەی رەها بێت، کەواتە بابەتی مەعریفەی رەها، بابەتێکی رەهایە.

٩- بەرەهایی زانین واتە هەموو شتێك زانین. چەمکی (مەعریفە) یان (زانین) بۆ هێگڵ چەمکێکی چەندییە (کێ). (زانین) بۆ هێگڵ کردەوەیە.

١٠- مەعریفە، پرۆسەیەکە کە بەردەوام بەئاراستەی گەیشتن بەزانینێکی تەواوتر لە واقعیەت قەراری گرتووە.

١١- (ئەرێیەتی) بزوێنەری سەرەکی مەعریفەیە کە بەرەو حەقیقەتی مەعریفە پاڵی دەنێت.

١٢- دوا ئامانجی دیاردەناسی، گەیشتنە بەقۆناغ و پلەیەکی لۆژیکی مێژوویی و دیاردەناسانە بۆ ئەوەی مەعریفە حەقیقەتی خۆی بدۆزێتەوە و ئیدی پێویستی بەوە نەبێت بەرەو ئەودیوی خۆی هەنگاوبنێت. لەم قۆناغەدا، چەمك لەگەڵ بابەتەکەی خۆی دەبێ بەیەك.

١٣- لێرەدا چەمك و بابەت دەبن بەیەك، لەراستیدا وەکیەکیەك لە نێوان جووڵەکەی ناوەکی مەعریفەو جووڵەی ناوەکی بابەتی مەعریفە پێکدێت.

١٤- هێگڵ ئەم جووڵە دیالیکتیکیەی مەعریفەی ئاگایی لە واقعیەتی دیاردەناسانەی خۆی بە (ئەزموون) ناوزەد دەکات. بە وتەی هێگڵ لە ئەنسکلۆپیدیادا. (هەموو ئەو شتانەی دەکەونە ناو ئاگاییەوە، وتەزایەکی ئەزموون کراون.

١٥- بابەتی سەرەکی سیستەمی زانستی هێگڵ، ئاگایی ئەزموون کراو یان گوتەیەکی تر ئاگاییە وەك ئەزموونی دیالیکتیکی.

١٦- ئەزموونی ئاگایی لە مەعریفە، خۆی لە هەمبەر واقعیەتە وەك لابردنی بنبڕێتی وەهمی کە لەهەر قۆناغێکی پرۆسەی مەعریفەدا،

رەنجکێشیەکی درووێنی لە واقعیەت پێ دەبەخشێ.

١٧- ئامانجی هێگلّ، گەیشتنە بەوەکیەکی نێوان دەرکەوتنی (تجلی) دیاردەناسانەی واقعیەت و ئاگایی لەم واقعیەتەیە. لەو جێگایەدا کە واقعیەت عەقلاّنییە، ئێمە ئەم وەکیەکیە بەدەست دێنێن.

١٨- لە روانگەی هێگلّەوە، عەقلّ یەکیەتی نێوان (خۆ) و (ئەویتر)ە واتە یەکیەتی نێوان سۆبژەکتیڤ و ئۆبژەکتیڤ ئەم یەکیەتیە بەپلەی وەکیەکی نێوان (بوون لە خۆیدا) و (بوون بۆ خۆی)ە.

١٩- یەکیەتی نێوان (خۆ) و (ئەویتر) تەنیا لە رێگای رەوتی دیالیکتیکی (نەرێیەتی) مکینە. لەروانگەی هێگلّەوە (نەرێیەتی)خۆ ژیانە لە غەیرییەت (ئەویتر بووی)دا. خۆ ژیان بەمانای یەکیەتی (خۆ) و (ژیان)ە. ئەم یەکیەتیە لەرۆح یان زەین (Geist) ئەنجام دەدرێت.

٢٠- رۆح یان زەین، هەم خۆیەو هەم خۆژیانی هەمەکیەتە لە خود ئاگاییدا. هەمەکیەتی خودئاگایی ئەو شتەیە کە هێگلّ بە (واقعیەت) یان (وەڕاستگەڕاوی) —atuality ) ناوزەدی دەکات.

٢١- لە روانگەی هێگلّەوە، ئەوەی لە راستیدا واقعیە، لەراستیدا سوژەیە. لەو شوێنە کە خودو سوژە دەبن بەیەك، رەوتی رۆحی جیهانی واقعیەت و هەمەکیەتی خۆی بەدەست دێنێت.

٢٢- کاتێك کە رۆح یان زەین زانینی رەها بەدەست دێنێ، ناوەڕۆکێکی نییە جگە لە مەعریفە لەمەڕ کردەوەی خۆی. زانینی رەها بەزەین رۆحێکە کە چەمکی خۆی بۆ زەین یان رۆح وەڕاست گەڕاندووە.

## وانە هەشتەم

١- لە روانگەی هێگلّەوە، دوا ئامانجی دیاردەناسی، زانینی رەهایەکە یەکیەتی کۆتایی سوژەو جیهانە.

دەتوانین ئەم یەکیەتیە وەك یەکیەتی نێوان رەهاو زەینیەتیش لێك بدەینەوە.

٢- سوژە وەك خود ئاگایی، ئامرازی جوولّەی رۆح یان زەینە لەمێژوودا.

٣- زانینی رەها، مەعریفەی تەواوە لە خود وەك سوژە.

٤- سوژە بۆ بەسوژەبوون دەبێ بگۆڕێ بۆ جگە لە خۆ (واتە بابەت (عین) و سەر لەنوێ بەگەڕانەوە بۆ خۆ. وەکیەکی نوێی خۆی بەدەست بێنێتەوە.

٥- لە کۆتایی فینۆمینۆلۆژیادا، جیایی و کەلێنی نێوان سوژەو ئۆبژە و ئاگایی و خودئاگایی دووماهی دێت. بەجۆرێکی تر، خودی حەقیقەت خۆی لە زانینی رەهادا دەدۆزێتەوە.

٦- سیستەمی زانست بۆ خستنەڕووی ئەم کەلێنە سوود لە دۆزێك (قچیە) وەرناگرێ بەمانا

ماتماتیکییەکەی، بەڵکو لە چوارچێوەی سیستەماتیکی خۆدەرخەرییەوە بەیان دەکات. زانست لە تێڕوانینی هێگلدا بەدوای جووڵەی ناوەکی چەمکدا دەچێت.

٧- نەرێیەتی لە جووڵەی ناوەکی چەمکدا گونجێنراوە.

٨- جووڵەی ناوەکی چەمك، پێکهێنەری تەمەنێکە کە رۆحیان زەین تێدا دەربکەوێت.

٩- رۆح یان زەین سەرەتا لەسروشت دەرکەوت و سیمایەکی دەرەکی وەردەگرێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم دەرکەوتە فیزیکیەی رۆح تەنیا لە خۆبێگانە بوونەکەیەتی، هەربۆیە رۆح یان زەین بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە. ئەم گەڕانەوەی رۆح بەرەو خۆی وەك مەعریفەی رۆحە لەمەڕ زەرووڕەتی ناوەکی سروشت.

١٠- کاتێ سروشت لە رێگای رۆح و لە رۆحدا بەناوکی دەبێت، شێوەی ئەگەریی دەرەکی خۆی بەجێ دەهێڵێت. دەرەنجام ئەوەیە کە سروشت بەشێوەی چەمکی لێ دێت.

١١- لە روانگەی هێگڵەوە مێژووش ئەم رەوتە تێپەڕ دەکات بەجۆرێکی تر مێژوو بەشێوەی چەمکی لێ دێت یان لە چەمك دا دەرك دەکرێت. بەم مانایە هاتنی مێژوو، واقعیەتی رۆحی رەهایە.

١٢- هێگڵ لە دیباجەی فینۆمینۆلۆژیادا ئاماژە بەم حاڵەتە دەکات کە دەبێ رەها لە نێو چەمکەکانی (Beyriffen)تێی بگەین نەك لە هەست و ئیدراك (gefuhiundanschauung) دا.

١٣- لای هێگڵ (بەپێچەوانەی کانت کە چەمك وەك ئامرازێك بۆ ناسینی واقعیەتی وەسف دەکات) چەمك، پرەنسیپی چالاکی واقعیەتەو بەبێ بوونی ئەو، واقعیەت حەقیقەتی خۆی بەدەست ناهێنێت.

١٤- بەوتەی هێگڵ: (چەمك، بنچینەو چالاکی هەموو دیاریکراوی و فرە بوونە کۆتایدارەکانە). بەجۆرێکی تر، چەمك، هەمەکیەتێکە کە لەدەرەوەی خۆی هەندەکیەت دروست دەکات.

١٥- چەمك، پێویستی دەرەکی جیهانە مەعریفەی مەفهوومی ئێمە لەمەڕ جیهان دەرەنجامی چالاکی ئەم پێویستیەیە. چەمك، پرەنسیپی ناوەکی و هەمەکی تەواویەتی جیاوازی کراو لەت لەت کراوە کە یەکیەتی بەهەمان تەواویەت دەبەخشێت.

١٦- هێگڵ لە کتێبی زانستی لۆژیکی خۆیدا، باشترین تەسیلی چەمك (Beyriff) لە چەمکی (من)دا دەبینێت. (من) لە روانگەی هێگڵەوە، چەمکێکی پەتییە کە هەبوونایەتی وەرگرتووە. بەم جۆرە (من) بەبوونی هەندەکە جیاجیاکانی خۆی چەمکێکی هەمەکییە کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە لە روانگەی هێگڵەوە چەمك، هەمەکیەتێکە دەبێتە هۆی دروست کردنی هەندەکیەت لە دەرەوەی خۆیدا.

١٧- لە تیۆری لۆژیکی - دیاردەناسانەی هێگلدا تەمسیلی راستەقینەی (چەمك)ی رۆح یان زەین، بێ دوماهی کۆتاییە کە نوێنگەی تەواوییەتی سیستەمی واقعیەتە.

١٨- هێگڵ بڕوای وایە کە هەموو شتێك دەرەنجام و بەرهەمی (چەمك)ە هەروەك چۆن رووەك دەرەنجام و بەرهەمی ئەوتۆوەیە کە چێنراوە. هێگڵ ئەو چەکەی کە بەتەواوی دەرکەوتبێ، بە (ئایدیا) ناوزەدی دەکات.

١٩- (ئایدیا) هۆو ئارگۆمێنت و بزوێنەری ناوەکی واقعیەتی دەرەکییە. لەم روانگەیەوە، ئایدیا یەکیەتی (چەمك) و (ئۆبژەکتیڤ) هێگڵ لە پەرەگرافی ٢١٣ی ئەنسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفەیەکانی خۆیدا دەنووسێ: ئایدیا حەقیقەتێکە لە خۆیداو بۆ خۆی (anundfarsich).

٢٠- حەقیقەت، پێکهاتنی نێوان چەمك و واقعیەتە، هەر بۆیە ئایدیا سازش و رێککەوتنێکە کە چەمك لەرێگای ئەو واقعیەتەی کە دروستی کردووە بەدەستی دێنێت.

٢١- ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە (ئایدیا) زەرووڕەتی چەمکە، کەواتە" واقعیەتی جیهان، لە پێناو وەڕاستگەڕاوی (ئایدیا) بوونی هەیە.

٢٢- (ئایدیا) رەوتی دیالیکتیکی شیمانەکراوی جگە (غیر) لەخۆو دۆزینەوەی یەکیەتی خۆیە لە جگە لەخۆدا.

٢٣- (ئایدیا) کە قۆناغی کۆتایی زانستی لۆژیکە، تەنیا دەرەنجامی قۆناغە لۆژیکییەکانی پێشوو نییە، چونکە بەجۆرێك لە جۆرەکانی هەموو ئەم قۆناغانە لەخۆیدا کورت دەکاتەوە.

٢٤- هێگڵ پێیوایە کە یەکیەتی لەخۆدا (a sich) (ئایدیا)و واقعیەتی (ژیان)ە، ئەوە لە کاتێك دایە کە یەکیەتی بۆ خۆ (fursich) (ئایدیا)و واقعیەتی (مەعریفە)یە.

٢٥- ئایدیای رەها، سێنتێزی مەعریفەو ژیانە، واتە ئاوێتەو تێکەڵەی (یەکیەتی لە خۆدا)و (یەکیەتی بۆ خۆ).

٢٦- هێگڵ لە بەشی دووەمی زانستی لۆژیکی خۆیدا دەنووسێت: (هەموو شتی هەڵە، پشێوی، بیروباوەڕ، ململانێ، حەزو ناپایەدارییە. تەنیا ئایدیای رەها، بوون، ژیانی پایەدار، حەقیقەتی خۆ ناسکارو گشت حەقیقەتە).

٢٧- ئایدا، حەقیقەتی خۆ دیاریکەرە کە پاش جیابوونەوە لە خۆ (واتە قەڵشتنی واقعیەتی خۆی) دەگەڕێتەوە بۆ یەکیەتی خۆی.

**وانەی نۆیەم**

١- رۆح یان زەین، جووڵەی دەرکەوتنی خۆی لە قاڵبی شێوەو هێمای ئەنتولۆژی. مێژووییدا دەدۆزێتەوە (diebewegangseinesgestaltens)کە هەرکامێکیان وەك جۆرە مەعریفەیەك لەمەڕ واقعیەت خۆ دەنوێنێ.

٢- بۆ ئاگایی، زەمەنبەندی رۆژ یان زەین لە شێوە یان هێمای دیاردەناسانەی (Gestalt) رۆحدا خۆی دەنوێنێ.

٣- تێپەڕینی دیاردەناسانە لەهەر شێوە یان هێمایەکی ئەنتۆلۆژی - مێژوویی بەرەو شێوەیان هێمایەکی تری بەهۆی کەموکورتی یان کێماسی هەر شێوەیان هێمایەکە لەبەرانبەر هەمەکەکان. تەنیا لە شێوەی زانینی رەهایە کە ئەم کەموکورتی و کێماسیانە چارەسەر دەکرێن.

٤- لە روانگەی هێگڵەوە لە ئاگاییدا، نایەکسانی لە نێوان سوژە (من) و خود (کە بابەتی سوژەیە)دا بوونی هەیە ئەم نایەکسانیە دەبێتە هۆی نەرێیەتییەك کە هەم سوژە هەم خود ناچار بەجووڵە دەکات.

٥- گشت رەوتی دیاردەناسی هێگڵ شێوازێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم جیاوازی و نایەکسانیەی نێوان سوژەو خود. هێگڵ فرمان دەکات کە خود (ئەویتری) ئاگاییە، چونکە لەلایەن سوژە (من) لەخۆ دەگیرێت.

٦- لەو جێگەیەدا کە وەکیەکی سوژەو خود ئەنجام دەدرێت، بوونی مێژوویی رۆح یان زەین و جەوهەرە دیاردەناسانەکەی لەگەڵ یەکتردا یەکسان دەبن. لەم حاڵەتەدا جیایی مەعریفەو حەقیقەت تێدەپەڕێنرێت.

٧- دژایەتی نێوان بوون و مەعریفە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئاگایی بەپێچەوانەوە لە (فەلسەفەی تیۆریکی). رۆح یان زەین وەك بکەری ناسکاری پەتی، ئامادەیی نابێت، چونکە گشت دیاریکراوییەکانی خۆی لە چوارچێوەی چەمکی وەڕاستگەراوی ئەوان دا بەیان دەکات.

٨- هەموو هەوارگەو نوێنگەیەکی دیاردەناسانەی نێو دیاردەناسی زەین دەربڕی جیاوازی نێوان مەعریفەو حەقیقەتە. تێپەرین لە شێوەیەکی دیاردەناسانە بەرەو شێوازێکی بەردەوام بەچارەکردنی لۆژیکی و مێژوویی ئەم جیاوازییە ئەنجام دەدرێت. شێوەی دیاردەناسانەی خۆی بۆ خۆی جیاوازییەکی نوێ لە نێوان مەعریفەو حەقیقەت دێنێتە بوون. لە زانینی رەهادا ئەم جیاوازییە بەشێوەیەکی گشتی و کۆتایی لەناو دەچێت. قۆناغی کۆتایی (غایی) سیستەمی زانست یەکیەتیەکە لە نێوان شێوەی ئۆبژەیی حەقیقەت و شێوەی ئۆبژەی سوژە.

٩- لە روانگەی هێگڵەوە مەعریفە تەنیا وەك زانست و لە شێوەی سیستەماتیکدا وەڕاست دەگەڕێ و بۆ وێنا دەشێت. زانست شێوەی راستەقینەی حەقیقەتە.

١٠- زانست لە روانگەی هێگڵەوە ئەزموونی دیاردەناسانەی ئاگاییە.

١١- ئاگاییەویتر بووی (غیرێت) بوونە، بەڵام ئەم ئەویتربووییە لە بوون جیا نییە. بوون لە خودی بوونە بۆ ئاگایی.

١٢- بابەتی مەعریفەی ئاگایی. لەگەڵ گۆڕانی دیاردەناسانەی ئاگایی گۆڕانی بەسەر دادێت.

١٣- گۆڕانخوازی ئۆبژە لە رەوتی دیالیکتیکی ئاگاییدا ئەنجام دەدرێت.

١٤- تەنیا مەعریفەی فەلسەفی بەمانای راستەقینەی وشە مەعریفەی زانستیە. مەعریفەی فەلسەفی تاکە مەعریفەیەکە کە توانای مەعریفەی رەهای هەیە. لەروانگەی هێگڵەوە مەعریفەی فەلسەفی خۆی دەگۆڕێ بۆ رەها.

١٥- لە دیاردەناسیدا هەریەك لە سیما ئەبستراکتەکانی زانست لەگەڵ شێوەی دیاردەناسانەی رۆح یان زەین هاوجووت دەبێت (GestaltdesersheinendenGeistesberhaupt).

١٦- ئەو قۆناغانەی کە ئاگایی تێپەڕیان دەکات، گۆڕانکاریەکن کە لە ئۆبژە و زەیندا روودەدەن. بۆ زەینی نا فەلسەفی، ئاگایی تووشی ئاڵوگۆڕ نایەت چونکە بەردەوام لە شێوەی هەمەکیەتێکی داماڵراوو ئەبستراکت دەمێنێتەوە.

١٧- لە دیاردەناسیدا شێوە لە دەرەوەی جووڵەی ناوەڕۆکدا قەرار دەگرێ، چونکە رۆح یان زەین بەردەوام ئامادەییەکی دینامیکی تێدا هەیە.

١٨- هەر شکڵێکی ئاگایی کە دەربڕی هەوارگەیەکی دیاردەناسانەیە، دەگاتە پلەیەکی دیاریکراویی لۆژیکی.

١٩- ئەم شێوە دیاردەناسییە لە رەوتی جووڵەی لۆژیکی خۆیدا دیاریکراویی بەبێ چەمکی خۆی بەیان دەکات.

٢٠- پێویستی دەرەکی کردنی شێوەی چەمکی پەتی لە سیستەمی زانستدا بوونی هەیە.

٢١- رۆح یان زەین مەعریفەی لەمەڕ خۆی هەیە، چونکە خۆی دەرك دەکات. دەرك کردنی چەمکی خۆی بۆ رۆح یان زەین، دەرککردنی ئەم راستیەیە کە لەگەڵ خۆیدا یەکسانە. رۆح یان زەین کاتێ ئاگاداری ئەم یەکسانی لەگەڵ خۆیە دەبێت کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی جیاوازی خۆ تێپەڕێنێت.

٢٢- بە وتەی هێگڵ رۆح یان زەین بەنێو ئەو دالآنەدا دەڕوات کە شێوە مێژوویەکانی تێدایە" شێوەی ئەوتۆ کە هەرکام حەقیقەتی رۆح یان زەینی لەتەك دایە.

### وانەی دەیەم

١- خوێنەری دیاردەناسی هێگڵ لەهەر لاپەڕەیەکدا، مەعریفەیەکی نوێ لەمەڕ ئەزموونی ئاگایی وەردەگرێ کە پێشاندەری رۆڵە جۆراوجۆرەکانیەتی لەسەر سەکۆی شانۆی مێژوویی مرۆڤایەتی.

٢- هەرکام لە رامان و کردەوەکانی ئاگایی بەشێوەیەکی بێ نێوبەند وێرای قولبوونەوەیەکی عەقلانی و دیالیکتیکی لەهەمبەر هەڵوێستە دیاردەناسانەکانی خۆیەتی.

٣- هەر بۆیە، دیاردەناسی، جووڵەی یەکەمی مەعریفەی ئاگایی لەمەڕ واقعیەت لەگەڵ جووڵەی دووەمی قووڵبوونەوەی دیالیکتیکی

ئاگایی لە هەمبەر ئەم مەعریفەیە لەتەك دایە. لە جوولەی سێهەمدا، فەیلەسووف دێتە ناو گەمەکەوە و لەگەڵ گەمەی نەرێیەتی دیالێکتیکی مەعریفەی بێ نێوبەندی ئاگایی لەواقعیەتی جیهان و رەوشە نێوبەندگرەکەی، ئاگایی دەگۆڕێ بۆ واقعیەتی فەلسەفەی کە هەمان حەقیقەتی چەمکی شێوەی دیاردەناسانەی جێگەی باسە.

٤- هێگڵ بۆ گێڕانەوەی ئەزموونە زەینی ئۆبژەییەکانی ئاگایی لە مێژوودا، یارمەتی لەو تێڕوانین و دۆکترینانە وەردەگرێت کە لە رووداوی مێژوویی وەك سەردەمی رۆشنگەری، شۆڕشی فەرەنساو ناپلیۆن و یان شاکارەکانی وەك ئانتیگۆنی سۆفۆکلس، برازای رامۆی بەرهەمی دیدرۆ، ماریان بەرهەمی ماریۆڤ و رێگرەکانی شیلەر خۆیان دەنوێنن.

٥- دیاردەناسی کۆچێکە کە ئاگایی مرۆیی بۆ دەرچوون لە ئەشکەوتی ئەفلاتون ئەنجامی دەدات. ئەوانەی کە بەخوێندنەوەی دیاردەناسی لە مێژووی مەعنەوی کولتووری مرۆیی ئاگادار دەبن ،لە ئەشکەوتەکە دەردەچن.

٦- لە روانگەی هێگڵ، خوێنەری دیاردناسی، خۆی پێویستە بگات بەسیستەمی زانست و تێڕوانینی فەلسەفی لەمەڕ واقعیەتی جیهان، جگە لەم حالەتە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی کتێبەکەی نەبڕیوە.

٧- یەکەمین قۆناغی ئاگایی، لە شێوەی ئاگایی هەستیی منداڵانەدا خۆی دەنوێنێ کە لە ئەشکەوتی ئەفلاتوندا زیندانییەو وەهمەکانی خۆی بۆ واقعیەت وەکو حەقیقەتی عەقڵانی لێك دەداتەوە.

٨- ئاگایی هەستی یان سروشتی، هەموو ئاگاییانە لەخۆ دەگرێ کە لەسەر لێشێواوی واقعیەتی هەستپێکراودا بوونیان هەیە. هەرچەند ئەم ئاگاییە هەستی پێشکەوتنی مەعریفەی لەخۆدا هەڵگرتووە، وەك هەستی پێگەیشتوویی (بلوغی) کە لە جەستەی مێرمنداڵێکدا بوونی هەیە.

٩- ئاگایی هەستی ترسی هەیە سەبارەت بەوە کە وەهمەکانی خۆی لەمەڕ واقعیەت لەدەست بدات و لە قۆناغی دواتردا بوارەکانی جیهان دەرك دەکات، بەڵام نواندنەکانی بۆ واقعیەت، ئاوێتەیەکە لەهەست و بیرکردنەوە.

١٠- ئاگایی بەتێپەڕین لە ئیدراك (کە ئاوێتەیەکە لە هەست و بیر)ەوە بۆ بیر، مانای چەمکی بوارەکان (امور) کەشف دەکات و لە رێگای چەمکەوە یاساکان بەدەست دێنێ. ئاگایی سنووری یاساکان بوونیان دەبێت.

١١- ئاگایی بۆ ماوەیەکی درێژ لە قۆناغی یاساکان داناوەستێت و رێژە بەجوولەی دیاردەناسانەی خۆی دەدات. یاساکان بەجێ دەهێڵێت، واقعیەتی خۆی و بنبڕی ئاگایی لە خۆی بەدەست دێنێت" بەم چەشنە خودئاگا دەبێت.

١٢- ئەم جارەیان لە ڕێگای خود ئاگایی و لە پلەی خودئاگایی بەدوای شتەکانی دەرەوەو واقعیەتی جیهاندا دەچێت و هەوڵدەدات لە ڕێگەی (ئارەزوو - میل) ببێتە خاوەنیان. لە ڕوانگەی خودئاگایی (خاوەنداربوون) شێوازێکە بۆ هێورکردنەوەی ئارەزوو و حەزو هەوەسەکانی خۆی.

١٣- لێرەدا خودئاگایی (ئارەزوو) ،خۆی لە بەریەککەوتن و بەگژداچوون لەتەك (ئارەزووەکانی) تردا دەبینێت. ئاگایی خودئاگا لە بوونی خود ئاگاکانی تر ئاگادار دەبێت، بەجۆرێکی تر سوژە، (ئەویتر) کەشف دەکات و لەگەڵ (ئەویتر) دەکەوێتە ململانێیەکی دیاردەناسانەو مێژوویی.

١٤- لە ڕوانگەی هێگڵەوە، ململانێی نێوان خودئاگا، ململانێیەکە بۆ ناسینەوە. دەرەنجامی ئەم ململانێیە، بەریەککەوتنی دیاردەناسانەی خواوەندو بەندەکانە. خوئاگایی، بارودۆخی دیاردەناسانەی خۆی لە دوو واقعیەتی (سەروەری)و (کۆیلایەتی)دا دەدۆزێتەوە.

١٥- دیالیکتیکی خواوەندو بەندەکان بەیارمەتی کارو زەحمەتی بەندە، جۆرە ئازادییەکی زەینی (Subjective) لێ دەکەوێتەوە. ئەم ئازادییە زەینیە پشت لەواقعیەتی ئۆبژەیی (بابەتی) جیهان دەکات. نوێنەرە فەلسەفییەکانی ئەم شێوازە دیاردەناسییە نوێیە، ئیمپراتۆرێك (مارکۆس ئورلیوس)و کۆیلەیەك (ئیپیکتتوس)ن کە هەردووکیان پەیڕەوی فەلسەفەی ڕەواتی دەکەن.

١٦- هێگڵ بەتێپەڕین لە قۆناغە فەلسەفیەکانی وەك ڕەواقیەکان و سەکسیفەتەکان (کلبیون)، کۆچی دیاردەناسانەی ئاگایی لە قۆناغی جیهانی دێرین تا سەدەکانی نامێن لە زەینگەرایی پارێزگاری سەدەکانی نامێن و شێوەی دیاردەناسانەی (ئاگایی چارەڕەش) کۆتایی پێ دێنێ.

١٧- (ئاگایی چارەڕەش) خۆی دەبێتە هۆی تێڕوانینێکی مێژوویی نوێ کە گەڕانەوە بۆ ئۆبژەکتیڤی جیهان لە جیاتی زەێنگەرایی و کونجنشینی ئاگایی سەدەکانی ناڤین دادەنێت.

١٨- ئاگایی لە ڕێگای ئەزموونی نوێ لە سروشت و کاریگەریدانان لەسەری جیهانی (ئەخلاقی ئۆبژەیی) دروست دەکات. لە جیهانێکی ئەوتۆدا، تاکەکان ئازادی خۆیان لە واقعیەتە کۆمەڵایەتیەکاندا نابیننەوە، بەڵکو هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی واقعیەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی خەونەکانی خۆیان ڕاڤە بکەن. نموونەی دیاری ئەم شێوە دیاردەناسانەیە، کەسایەتی دۆن کیشۆتە.

١٩- خۆخوازی ڕۆشنبیریی، فۆرمالیزمی ئەخلاقی و نوستالیژییەتی (خودی (نفس) جوان) هەرکامێکیان دەربڕی جۆری جیاجیای عەقلانیەتن. ئاگایی لە ڕوانگەی دیاردەناسییەوە لە قۆناغە ناتەواوەکان (ناکامل) خۆ دەنوێنێ.

بەڵام بەفێربوونی ئەزموون لەم تێکشکان و کەموکورتی و کێماسییە فەلسەفیانەی خۆی لە کۆمەڵگای مرۆییدا جێگە دەگرێ و دەگەڕێتەوە بۆ پیاچوونەوە (روانینەوە) بەئەزموونە ئۆبژەییە مێژووییەکانی خۆی.

٢٠- هێگڵ ئەزموونە بابەتی (ئۆبژەیی) و مێژووییەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوا یەك بەیەك بەرەو رووی دیاردەناسی دەکاتەوە. هەر کام لەم شێوە مێژوویيانە خودان دژایەتی دیالیکتیکین کە ئێمە لە ئۆبژەکتیڤێکی مێژووییەوە بەرەو ئۆبژەکتیڤێکی دیکە پەلکێش دەکەن. ئەم دژایەتیە لە نێوان خێزان و دەوڵەتشار لە چیرۆکی ئانتیگۆن و دونیای یۆنان دەگاتە دژایەتی نێوان مەدەنیەتی یۆنان و فێربوونی حقوقی رۆحی دێرین و لەوێوە دەچێتە دژایەتی نێوان سامان و ئەرستۆکراتیەت و پاشان دژایەتی نێوان فیۆداڵیزم و پاشایەتی.

٢١- مەبەستی هێگڵ لە پاشاتی، گەڕانەوە بۆ لویسی چواردەهەم و لەوێشەوە بۆ سەردەمی رۆشنگەری و کولتووری بەر لە شۆڕشی فەرەنسا.

٢٢- بەرزێتی رۆشنگەری ،سەرکەوتنی رۆحی مۆدێرنە بەسەر ئیهانی سەدەکانی ناڤیندا. رۆحی رۆشنگەری، دەرکەوتنی خۆی لە ئەزموونی شۆڕشی فەرەنسادا دەدۆزێتەوە.

٢٣- تێپەڕین لە ستەمکارییەوە بەرەو شۆڕشی فەرەنسا بەهۆی سەردەمی ترس و تۆقاندنی (تیرۆر) پۆناپارتیزم تەواوو کامڵ دەبێت.

٢٤- لە روانگەی هێگڵەوە، ئەخلاقی کانتی (کە ئەو رەخنەی لێ دەگیرێت)و ئایدیالیزمی رەها (کە خودی هێگڵ نوێنەرایەتی دەکات) دەرەنجامی ئەزموونی شۆڕشی فەرەنسایە.

### وانەی یازدەهەم

١- فینۆمینۆلۆژیای رۆح، پرۆسەی ئەزموونی ئاگاییە لە مەعریفەی خۆی. لەم پرۆسەیەدا ئاگایی حەقیقەتی خۆی تاقی دەکاتەوە.

٢- لەو شوێنە کە ئاگایی بەڕاستی حەقیقییە، واتە ئاگایی بەڕاستی حەقیقەتی مەعریفەی بەدەست هێناوە.

٣- جووڵەی ناوەکی پرۆسەی مەعریفەو جووڵەی ناوەکی ئاگایی لەتەك یەکدا هاوڕێ و یەکسانە. ئاگایی جووڵەی ناوەکی لەمەڕ خۆی، بابەتی مەعریفەی خۆی و لەمەڕ پرۆسەی مەعریفە بەکاردەهێنێت.

٤- هێگڵ ئەم جووڵە ناوەکییەی ئاگایی بەئاراستەی مەعریفەی خۆی و بەدەست هێنانی سیستەمی زانست بە (ئەزموون) ناوزەد دەکات. دیاردەناسی زەین، زانستی ئەزموونی ئاگاییە.

٥- لە روانگەی هێگڵەوە، ئەزموون کردن بەمانای وەڕاستگەڕاندنی شتێکە، (بەمانای) بەدەست هێنانی حەقیقەتی شتێکە لەم ئەزموونەدا دیاردەناسی ئاگایی حەقیقەتی خۆی بەدەست دێنێت.

٦- هێگڵ لە چەمکی کانتی (ئەزموون) دوور دەکەوێتەوەو دیاردەناسی وەك (زانست لەمەڕ ئەزموون) ناخاتەڕوو. لای هێگڵ (ئەزموون کردن - inerfahrungbrinren) واتە دیاریکردنی شتێك یان وەڕاست یان وەڕاستگەراندنی مەعریفە لە بارەیەوە.

٧- لە روانگەی هێگڵەوە، (ئەزموون) کردەیەکی هەستی یان پێژنی (شهودی) نییە. ئەو ئەزموونەی هێگڵ لە بارەیەوە دەدوێت لە بازنەی ئیدراکی هەستیدا رووناداتە، چونکە ئەزموونی ئاگایی لەمەڕخۆ، دەچێتە ئەودیوی ئەم هەوارگە مەعریفەییەیان شێوە دیاردەناسییە.

٨- ئاگایی بەپلەی ئاگایی، بابەتی مەعریفەی خۆی دەناسێت. کەواتە (ئەزموون) جووڵەیەکی دیالیکتیکییە کە تێیدا بابەتی مەعریفەی بێ نێوبەند، رێژەیی و ئەزموون نەکراو (دەخرێتە ژێر دەست ئاگاییەوە).

٩- ئاگایی کاتێ شتێك دەناسێت کە بۆ ئەو (یان لای ئەو) بوونی هەبێت. کەواتە بوون لە پەیوەندی لەگەڵ بوونی شتێك بۆ ئاگایی مانای هەیە.

١٠- هەروەك پێشتر وتمان، بابەتی دیاردەناسی زەین مەعریفە لەمەڕ پرۆسەی مەعریفەوەیە، لە روانگەی هێگڵەوە، کاتێکی شتێك و دەناسرێت کە بۆ ئاگایی (بوونی هەبێت)

١١- لە فینۆمینۆلۆژیای رۆح (دیاردەناسی زەین)دا دوو جۆر مەعریفە بوونی هەی. مەعریفەی ئاگایی بینراو (fursich) و مەعریفەی ئاگایی بینە(faruns) . ئاگایی بینەر ئەوەیە کە هێگڵ بەسوود وەرگرتن لە راناوی (ئێمە) ئاماژەی بۆ دەکات. (ئێمە) ئاماژە بۆ فەیلەسووف یان ئەو کەسانەی کە گەیشتوونەتە پلەی فەلسەفەی، واتە بەجۆرێکی تر سەفەری دیاردەناسانەیان کۆتایی پێ هێناوەو لە روانگەی مەعریفەی رەهاوە سەیری هەوارگە جۆراوجۆرە دیاردەناسییەکان و ئەزموونەکانی ئاگایی دەکەن.

١٢- رەنگە هەر بەم هۆیەوە پێویست بێت دیباجەی دیاردەناسی زەین لە کۆتایی بەرهەمەکە بخوێنێتەوە.

١٣- مەعریفەی (ئێمە) لەمەڕ واقعیەتە دیاردەناسییەکان، مەعریفەیە لەمەڕ پرۆسەی ناسین نەك لە شتی (بواری) ناسراو. لای هێگڵ (ئێمە) هیچ کاتێ لە (ناسراو)دا ناتوێتەوە، چونکە ئاگایی بینەرە. بەڵام ئاگایی بینراو لەهەر قۆناغێکی دیاردەناسیدا لەنێو جۆرە واقعیەتێکدا دەتوێتەوە و مەعریفەی خۆی لەمەڕ ئەم واقعیەتە وەك بنبڕیەت (قطعیت) دەخاتەڕوو.

١٤- بە وتەی هایدگەر لە وانەکانی خۆی سەبارەت بە فینۆمینۆلۆژیای رۆح -ی هێگڵ: (ئێمە ئەوانە بین کە لە پلەی زانستدا مەعریفەی رەها دەناسین).

١٥- لە یەکەمین لاپەڕەکانی دیاردەناسی زەین هێگلْ (ئێمە)ی فەلسەفەی لە (من) (ego) ناسکارو بینەر جیا دەکاتەوە. (ئێمە) هێچ کاتیْ بەشێوەی ئەم یان ئەو دیار نییە.

١٦- هێگلْ جیاوازی دادەنێت لە نێوان (بابەت بۆ ئێمە)و (بابەت بۆ خۆی). بابەت بۆ ئێمە کە دەستمان بەپلەی سیستەمی زانست راگەیشتووە، (مەعریفە)یە.

١٧- (بابەت بۆ خۆی) واتە بابەت بۆ خودی مەعریفە یان بەجۆرێکی تر بابەت بۆ ئاگایی کە دەناسێت. هێگلْ هەمیشە (بابەت بۆ خودی مەعریفە یان ئاگایی) کە مەعریفەیەکی بێ نێوبەندە لە بەرانبەر (بابەت بۆ ئێمە) کە فەلسەفیە دادەنێت.

١٨- (ئێمە) ئەوانەین کە بەشێوەی رەها دەناسین، واتە مەعریفەمان لەمەڕ رەهاوە هەیە (ئێمە). (تەواوییەتی رەها)ی مەعریفەی خۆمان لە بەرانبەر (رەهای نائارام) یان رەهای رەهانەبوونی ئاگایی دادەنێین. (نائارامی رەها بەهۆی رێژەیی بوونکەیەتی ئەو رەهایەی کە رێژەییە هێشتا نەگەیشتووەتە تەواوییەتی خۆی لە رەوتی دیاردەناسیدا.

١٩- ئەوەی رەها نەبووە واتە نەگەیشتووەتە مەعریفە لەمەڕ رەها مەحکوم بەدەست پێکردنە لە بێ نێوبەندیدا بەوتەی هایدگەر (فەلسەفە هیچ کاتیْ بەشێوەیەکی بێ نێوبەند دەست پێ ناکات، بەڵکو هەمیشە بەنێوبەندی دەست پێدەکات).

٢٠- مەعریفە، پرۆسەیەکە کە هەمیشە توانستی پێشڤەچوون و باشتربوونی هەیە چونکە مەعریفە لەگەڕان دایە. دیاردەناسی وەڕاستگەڕانی ئەم مەعریفەیە لە پلەی زانست Wissevnschaft دا.

٢١- یەکەمین قۆناغ لە دیاردەناسی زەیندا، مەعریفەی بێ نێوبەندە. ئەو مەعریفەیەی کە بەشێوەیەکی بەنێوبەند، بابەتی مەعریفەیە خۆی مەعریفەی بێ نێوبەندایەتییە.

٢٢- ئەوەی بێ نێوبەندە (بلا واسط) ئۆبژە نییە، بەڵکو مەعریفەی ئۆبژەکتیڤە، واتە پەیوەندی ئەم ئۆبژە لەگەڵ ئاگایی.

٢٣- لێرەدا ئاگایی بەمانای سەرنجدانی ناسکارییە بۆ بابەت (Genstand) بەوتەی هێگلْ بابەت لێرەدا (مەعریفەیە بەشێوەی بێ نێوبەند). DaswissenwelcheszuerstoderunmittelbarunserGeyenstandist..

٢٤- بابەتی مەعریفەی ئێمە، ناسینە نەك ئەوەی مەعریفە دەیناسێت.

### وانەی دوازدەهەم

١- جەوهەری بنبڕیەتی (قطعیت) هەستی، بێ نێوبەندییە، چونکە حەقیقەتی بنبڕییەتی هەستی، هیچ نییە جگە لەبوونی ئۆبژە (عین)یەك.

٢- بابەتی بنبڕییەتی هەستی (ئەم)ەیە.بۆ بنبڕییەتی هەستی، مەعریفەلە (ئەم بوون)دا کورت دەبێتەوە.

٣- (ئەم) کە (لێرەدا) لەو (ئێستا)دا کورت دەبێتەوە، لەراستیدا (ئەم) هەمەکییە، چونکە جەوهەرەکەی فرەییە.

٤- ئەم هەمەکیە بەڵام مەبەستی بنبڕییەتی هەستی لە (ئەم). (ئەم) هەمەکی نییە.

٥- ئەوەی بنبڕییەتی هەستی لە (ئەم)دا بەدوایدا دەگەڕێت، نەبوونە، ئەگەرچی بنبڕییەتی هەستی بەدوای مەعریفەی بووندا بێت.

٦- لەراستیدا، بوون هەبوونایەتیەکی بەردەوامی هەیە و ئەوەی گۆڕانی تێدا پێکدێت، بابەتی مەعریفەی بنبڕییەتی هەستییە. کەواتە حەقیقەتی دیاردەناسانەو لۆژیکی لەخودی بووندایە نەك لە (ئەم) کە بابەتی مەعریفەیە.

٧- بوون کاتێ دەرك دەکرێت کە بێتە سەر زمان. بەڵام بنبڕییەتی هەستی بۆ هێنانە سەر زمانی بوون سوود لە (ئەم بوون) وەردەگرێت.

٨- بنبڕیەتی هەستی، هەمەکیەتی دێنێتە سەرزمان، بەڵام مەبەستی ئەو (ئەم)ی هەندەکییە ناتوانرێت هەمەکیەت بەشێوەیەکی ئەنتۆلۆژی (بوونناسی) لە (ئەم بوون)دا دابنرێت.

٩- بنبڕیەتی هەستی (ئەم) دێنێتە سەر زمان، بەڵام دەرەنجام (ئەم)ی هەمەکییە.

زمان بابەتێك بەیان دەکات کە بەئاراستەی پێچەوانەی مەعریفەی لۆژیکی و ماناییە کە رەوتی دیاردەناسی بە دوایدا دەگەڕێت.

١٠- زمان خاوەنی جەوهەری رەهایە، هەر بۆیە دەتوانێت لەمەڕ رەهاوە بدوێت.

١١- زمان خۆی لە بارودۆخی تاك رەهەندی بنبڕییەتی هەستی جیادەکاتەوەو دەچێتە ناو هەمەکییەتەوە.

١٢- حەقیقەتی ئەوەی دێتە سەر زمان، تەنیا لۆگۆس (logos) نییە، بەڵکو دیالگینە.(dialegein)لای هێگڵ، گوتارو عەقڵ (logas) تەنیا دەستەواژەیەکی تاك رەهەندو تاك لایەن نییە، بەڵکو دوو لایەنە، چونکە من لەگەڵ مندا دەکەوێتە گفتوگۆوە.

١٣- بنبڕیەتی هەستی سەرنج لەم بوارە دەدات کە ئۆبژە (بابەتی مەعریفە) جەوهەری مەعریفە نییە، بەڵکو (من)ی ناسکار جەوهەر، چونکە ئۆبژە بوونی هەیە چونکە (من) دەیناسێت.

١٤- حەقیقەتی بنبڕییەتی هەستی ئیدی لە ئۆبژە دا نییە، بەڵکو لەو (من) دایە کە دەیناسێت. بەم چەشنە مەعریفە لەو دۆخە (پەراوێز بوون — abseitigkeit) و (یەك لایەن بوون — einseitigkeit) دێتە دەرەوە.

١٥- بەم جۆرە لە جووڵەو فعلیەتی تیۆری کە بنبڕییەتی هەستی هەیەتی (inmeinen) (من) رەنگدانەوەی ئەو شتەیە کە لە (من) دایە (desMeine).

١٦- واقعیەتی بابەت (موضوع) هیچ نییە جگە لەوە کە (من) لە بیری دایە. کاتێ (من) دەڵێت (من)، ئەو خۆی لەبەرچاوە. بەڵام کاتێ (من) دەڵێت (من) هەموو (من) یەکی تریش دەتوانێ بڵێت (من). کەواتە هەموو کەسێك بەشێوەیەکی بێ نێوبەند (من)ێکە.

١٧- (من) بەوەبەر چاوگرتنی خۆی وەك بابەتی مەعریفە، (ئەم بوونی) خۆی لە جیاتی (ئەم بوونی) ئۆبژە دادەنێت.

١٨- بنبڕیەتی هەستی بەدوای حەقیقەتی خۆی واتە ئەوەی لە بینرپەتی هەستیدا حەقیقییە دەگات بەبابەتی ئیدراك.

١٩- ئیدراك، بابەتێکی نوێیە بۆ من. ئیدراك ئەو شتەیە کە نێوبەندی گرتووە واتە مەعریفەیەکی نێوبەندگرە کە لە بنبڕییەتی هەستیدا کەتف کراوە.

٢٠- ئیدراك، بارودۆخی نێوانیە، واتە جەوهەرەکەی لە (ئەوەی بووە)و (ئەوەی دەبێت) پێکدێت.

٢١- بێ نێوبەندی بنبڕیەتی هەستی لەگەڕان دایە بەدوای نێوبەندی ئیدراك چونکە بەدوای تێگەیشتنە لە حەقیقەتی ڕەوتی خۆی.

٢٢- ئیدراك ((Wahenehmung، حەقیقەتی بابەتی genommen) (Wahr- هەستکراوە.

## وانەی سێزدەهەم

١- ئەوەی لە وتەزانی (پێویستی — زەروورەت)دا دەردەکەوێت، ئیدراکی حەقیقەتی بنبڕییەتی هەستییە. بەوتەی هێگڵ (دەوڵەمەندی و پڕ نێوەرۆکی مەعریفەی هەستی لە ئیدراك دایە نەك لە بنبڕییەتی بێ نێوبەند).

٢- لێرەدا یەکسانی و هاوتەریبییەکی بوونیادی لە نێوان (من) هەمەکی و (ئۆبژە) هەمەکی دابوونی هەیە. ئاگایی ئیدراکی لە سێ ئەزموونی دیالیکتیکی یەك لە دوای یەك تێدەپەڕێت.

٣- ئاگایی هەستی لە کردەی ئیدراکی خۆی بەرەو جووڵەیەك دەگەڕێتەوە کە دەیناسێت. ئەم جووڵەیە، گەڕانەوەیە بۆ بابەتی ئەزموون. بەڵام لە ئەزموونی ئیدراکیی ئاگایی، بابەتی مەعریفە گۆڕانی بەسەر داهاتووە. ئاگایی ئیدراکی بابەتە ناسراوەکە واتە ئۆبژە، بەشێوەیەکی (هەمەکی) دەرك دەکات. هەمەکیەتی بابەتی مەعریفەی ئیدراك لەگەڵ هەمەکیەتی بابەتی مەعریفەی بنبڕییەتی هەستیدا جیاوازی هەیە. دەرەنجام ئەوە کە بەبەراورد لەتەك بنبڕییەتی هەستی، ئیدراك جۆرێکی ئاڵۆزتری مەعریفەیە.

٤- ئەم پاڵۆزییە نەك هەر (ئێمە)ی فەلسەفی بەڵکو بینەریش دەرکی دەکات. بینەری ئیدراکی گەیشتووەتە پلەیەکی بەرزتر لە هزرو بیرکردنەوە چونکە ئیدی بەچەشنێکی بێ نێوبەند بەرەو لای واقعیەتی دەرەکی ناچێت.

٥- لەم قۆناغەی مەعریفەدا، ئەو هەمەکیەتەی کە خۆی لە پەیوەندی نێوان سوژەی بینەرو بابەتی بینراودا دیاری دەکات هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناغێکی بنەمایی، ئەوەی بۆ (ئێمە)ی فەلسەفی بنەماییە، هەمەکییەتە لە پلەی پرەنسیپ دا کە وەك جەوهەری ئیدراك لێك دەدرێتەوە، نەك حەتمەن دەرك کارو دەرك کراو.

٦- بەروانینێکی وردتر لە ناوەرۆکی دەرککراو دەتوانین پەی بەتایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی ببەین. ئەم تایبەتمەندییە بەشێوەیەکی ئیلزامی تایبەتمەندی (شت)ێکە. ئەوەی لە بەرانبەر ئاگایی ئیدراکی قەرار دەگرێت، بابەتی ئەو مەعریفەیە کە خاوەن تایبەتمەندی جۆراوجۆرە، بەڵام ئیتر وەك بابەتێکی هەندەکی جێی سەرنج (gemenit) نییە.

٧- لەبەرئەوەی تایبەتمەندییەکانی ئۆبژە، سەربەخۆن (unabhangig)لە یەکتر و ئەم جیایی و سەربەخۆییە پرەنسیپی پەیوەندکاری نێوانیانە، هەربۆیە ئەم تایبەتمەندییە بنچینەییانە لەتەك یەکتردا هاوبەشن. ئەمانە تایبەتمەندی هەمەکی ئۆبژەی هەمەکین.

٨- کەواتە، ئۆبژەی بینراو شتێکی (بوارێکی) هەمەکییەو هەرکام لە تایبەتمەندییەکانیشی هەمەکین. ئەوەی لە هەموو ئەم تایبەتمەندییانەدا هاوبەشە (شت بوون)ە چونکە ئەوان هەموویان تایبەتمەندی (شتی)کن.

٩- ئاگایی ئیدراکی لەگەڕاندایە بەدوای ئۆبژەیەك یان بابەتێکی مەعریفی دیاریکراوەو لەگەڵ تایبەتمەندی جۆراوجۆردا رووبەڕوو دەبێت کە هەموویان نادیارو دیاری نەکراون.

١٠- ئەوەی ئەم تایبەتمەندییانە دیاری دەکات (سەربەخۆبوون)و جیاوازبوون-unterschieden ) لەیەکترییە.

١١- ئەو شتەی کە بابەتی مەعریفەی ئاگایی ئیدراکیە یەك شتە بەڵام خاوەن تایبەتمەندی جۆراوجۆرەو لەبەر ئەوەی ئەم ئۆبژەیە یەك شتە هەربۆیە ناتوانێت لەگەڵ دژایەتی و شێوە دیاریکراوە جیاجیاکاندا، یەکیەتی خۆی بپارێزێت.

١٢- شتێك بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا یەکسان بێت و یەکیەتی خۆی بپارێزێت و شتێکی تر نەبێت، دەبێ دیاریکراویەتی خۆی بدۆزێتەوە.

١٣- لێرەدا ئاگایی ئیدراکی بەم دەرەنجامە دەگات کە شتێك، هاوکات یەك شت و تایبەتمەندییەکانیەتی کەواتە ئەم (شت)ە، (هەمەکیەتێکی نێوبەندی)یە کە تایبەتمەندی جیاوازو جۆراوجۆری هەیە.

١٤- ئەم (هاوکاتی) تایبەتمەندی و (یەکیەتی — وحدت) جەوهەر لەم (شت)ەدا لە پەنای یەکتردا قەرار دەگرن. بەجۆرێکی تر ئەم (شتە) خاوەن دوو حەقیقەتە. لێرەدا ئاگایی ئیدراکی تووشی دژایەتی دێت. بۆ هێگڵ پرسە سەرەکییەکە لێرەدایە کە ئیدراك بە دارابوونی ئەم دژایەتییە، تا چ رادەیەك توانای هەبوونایەتی (موجودیت)هەیە.

١٥- بەم چەشنە یەکیەتی و نایەکیەتی، شتی ئیدراك کراو پێکدێنێ. نایەکیەتی (شت) واتە (جگە لە خۆبوون)و یەکیەتی بەمانای لەگەڵ (خۆدایەك بوون) (شت) هۆی (جگە لە خۆبوون) لە دەرەوەی بوونی خۆی و لە جگە (غیر) لە خۆیدا دەبینێ. (شت) پێشەکی ئەم بوارە نییە کە ئەگەر شتێکی تری جگە لە خۆی بوونی هەیە، لەبەرئەوەی خودی شتەکە یەکێکە واتە خاوەن یەکیەتییەو (جگە لەخۆی) شتێك، بەشێکە لەو شتە بەجۆرێکی تر، شت بەشێوەیەکی پەتی (بحت) بۆخۆیەتی.

١٦- (بۆخۆبوون)ی پەتی بەمانای نەرێی رەهایە، چونکە لەم بارودۆخەدا، هەموو شتێك بەشێوەیەکی رەها خۆی لە شتەکانی تر (واتە هەر شتێك کە جگە لەخۆیێت) جیا دەکاتەوە. بەڵام لە روانگەی هێگڵەوە، لەم قۆناغەی دیاردەناسیدا شتێك بۆ خۆیەتی چونکە ئەو ئەویترە و بۆ ئەویترە چونکە بۆ

خۆیەتی. یەك بوونی ئەو لەگەڵ خۆی لەبەر دژایەتییەتی لەگەڵ ئەویتردا: واتە بۆ ئەویتربوون. ئەم ململانێیە لە هەناوی شت خۆیدا بوونی هەیە.

١٧- ئەگەر ئەم ململانێیە لە هەناوی خودی شت دایە، کەواتە (بۆخۆبوون)و (بۆ ئەویتربوون) هاوکات لە خودی (شت)دا بوونی هەیە. ئەمانە هەردووکیان بنەماین و دژایەتی لە یەکیەتی خودی (شت)دایە. بەڵام ئاگایی ئیدراکی هەوڵدەدات لەم دژایەتییە رابکات، هەربۆیە بگاتە پلەی (هۆش — understanding).

١٨- ئاگایی کە لە ئیدراکەوە گەیشتووەتە هۆش ئاگاداری ئەم بوارە دەبێت کە خۆی وەك ئاگایی و ئەو شتانەی کە بابەتی مەعریفەی ئەون نابێ خەیاڵی وەهمی بن. بەجۆرێکی تر، حەقیقەتی یەکێکیان نابێتە هۆی نەبوونی حەقیقەتی ئەویتریان. ئاگایی ئیدراکی دەگۆڕی بۆ هۆش، چونکە لێرەدا ئاگایی ئاگاداری ئەوە دەبێت کە بۆ چارەکردنی دژایەتی شتێك دەبێ لە قۆناغی بینەری پەتی تێبپەڕێت و بەرەو ئەودیوی دژایەتی نێوان شتە دەرککراوەکان (لەلایەن ئاگایی ئیدراکی)و شتەکان لە خودی خۆیاندا، هەنگاو باوێژێ.

١٩- ئاگایی ئیدراکی، هەندێ جار کۆمەڵێك لە تایبەتمەندییەکان دەکاتە بابەتی مەعریفەی خۆی و هەندێ کەرەتیش ئۆبژە وەك یەکیەتی ئەو دیوی فرەیی تایبەتمەندییەکانی دەبینێ. پرسی سەرەکی لێرەدایە کە ئاگایی ئیدراکی ناتوانێت بڕیار بدات کە کام یەك لەم دوو تێڕوانینە بۆ وەسف کردنی شتەکان راستترە.

٢٠- ئاگایی ئیدراکی لەلایەکەوە دەڵێت: (حەقیقەتی شتەکە ئەوەیە کە ئەم شتە خۆی سپییە). بەم چەشنە سوژە (بکەری ناسکار) لە بەرانبەر ئۆبژەدا دەکەوێتە دوو بارودۆخەوە: یان یەکیەتی ئۆبژە بۆ فرەیی تایبەتمەندییەکان کەم دەکاتەوە یان ئەوەیە کە ئەم فرەییە دەخاتە نێو یەکیەتیەکەوە.

٢١- ئاگایی ئیدراکی لە جیهانی ئاسایی هەستەکان کە لەسەر بنەمای بووناسی شتەکان و تایبەتمەندییەکانیان دامەزراوە، ناگات بەهیچ دەرەنجامێکی رازیکەر و هەستی گشتی بەلاوە دەنێت.

ژێدەر: رامین جهانبگلو، تأملات هگلی، درس هایی درباره پدیدارشناسی زهن هگل، نشرنی، تهران، ١٣٨٢ (٢٠٠٣).

**تێبینی:** ئەم بابەتە دەقی بیست وانەیە سەبارەت بە دیاردەناسی زەین یان فینۆمینۆلۆژیای رۆحی هێگڵ لە نێوانساڵی (٢٠٠٢-٢٠٠٣) رامین لە تاران پێشکەشی کردووە.